# سەرەنجام و بەروبوومی خواناسی و لەخواترسان

[ كردي – کوردی – kurdish ]

سومەیە عبد الله

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ نتيجة و ثمرة التقوى ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# سەرەنجام و بەروبوومی خواناسی و لەخواترسان

### سیٚ چیرۆکی واقیعی لەسەر

**هــەنــارێــك ... ســێــوێـك .... لـــەگــەڵ ئــاوی شـــیــرەکــە ........**

### چیرۆکی هــەنــارەکە

ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی  ساڵ خاوەن باخێك دەچێتە ناو باخەکەیەوە و داوا لە باخەوانەکەی دەکات هەنارێکی شیرینی تام خۆشی بۆ بهێنێت، ئەویش دەڕوات هەنارێکی بۆ دەهێنێت و پێشکەشی خاوەن باخەکەی دەکات، کاتێك کە خاوەن باخەکە تامی ئەکات دەبینێت هەنارەکە ترشە، خاوەن باخەکە بە باخەوانەکەی ئەڵێت : من پیم ووتی کە هەنارێکی تام شیرینم ئەوێت، ڕِۆ هەنارێکی ترم بۆ بهێنە، باخەوانەکەش دوو جاری تر لەسەریەك ئەڕوات وهەموو جارێك ئەو هەنارەی کە دەیهێنێت هەر ترش ئەبێت، خاوەن باخەکە بەسەر سورمانێکەوە ئەڵێت : ئەوە یەك ساڵی تەواوە تۆ باخەوانی ئەم باخەی منی ئایا جێگەی هەنارە شیرینەکان نازانیت لەکوێدایە؟!

باخــەوانەکەش ئەڵێت : گــەورەم تۆ داوات لـــە مـــن کردووە کە پاســـەوانی باخەکەت بۆ بکەم نەك تامی هـــەنار بەهەنـــاری ئـــەم باخە بکەم، ئیتر چـــۆن بزانم هەنارە شیرینەکان لەکوێن .....

خـــاوەن باخـــەکەش ســـــەری سور دەمێنێت لە دەست پاکی و ئەمانەتداری و ڕەوشتی بەرزی ئەم پیاوە.......

هەر بۆیە خواستی مارەکردنی کچەکەی ئەخاتە بەردەم ئەم باخەوانە دەست پاکە باوەڕدارە .. ئەویش ڕازی ئەبێت وکچی خاوەن باخەکە کە ئافرەتێکی خواناسی ئیمانداره ، ئەخوازێت و ئەبێت بەخێزانی، بەرهەم و بەروو بوومی ئەم هاوسەرگیریەش

لەنێوان ئەم دوو کەســـە خواناسەدا لـەدایــك بوونی ( عەبدوڵڵای کوری موبـــارەك دەبێت) کە بەکەسێکی زانـــا و دانا و خـــوانـــاســـی ســـەردەمـی خۆی دادەنرێت..

## چیرۆکی ســێـوەکە

لەکاتێکدا گەنجێك لەتەنیشت باخێك ڕادەبورێت لەپڕ سێویك دەبینیت و هەڵی دەگریت و قەپێکی لی ئەدا، پاشان بیر دەکاتەوە و لەگەڵ دەروونی خۆیدا دەکەویتە ووتوێژ و ئەڵێت ئەی کابرا تۆ چۆن ئەم سێوەت بەناهەق خوارد، بۆیە ئەو گەنجە پڕیا ئەدات کە بچێت بۆ لای خاوەن باخەکە و قسەی لەگەڵ بکات دەربارەی ئەو سێوەی کە خواردوویەتی، یان ئەوەتانی لێی ببوریت و گەردنی ئازاد بکات، یان ئەوەتانێ نرخی سێوەکەی بداتێ، کاتیك ئەڕوات بۆلای خاوەن باخەکە و بەسەرهاتی سێوەکەی بۆ ئەگێڕێتەوە، وداوای لی ئەکات یان گەردنی ئازاد بکات، یان نرخەکەی لێوەربگرێت.

خاوەن باخەکەش سەری سوور دەمێنێت لە باوەڕ و دەست پاکی ئەم گەنجە، لێی ئەپرسێت ناوت چیە ؟

ئەویش ئەڵێت : ناوم ( ثابت ) ە .

خاوەن باخەکە ئەڵێت بە ( ثابت) : بەیەك مەرج گەردنت ئازاد ئەکەم .....

( ثابت) یش ئەڵێت : مەرجەکەت چیە؟

ئەویش ئەڵێت : مەرجەکەم ئەوەیە کە من کچێکی کەڕ ولاڵ و کوێر و ئیفلیجم هەیە ئەبێت مارەی بکەم لێت ئەوسا گەردنت ئازاد ئەکەم ..

(ثابت) یش لەگەڵ خۆی دەکەوێتە گفتوگۆ و قسەکردن وبەراورد کردن لەنێوان سزای قیامــەت و نــاڕەحـــەتی دونیا، بــۆیــە لــەکــۆتــاییـدا پڕیا ئەدات کە رازی بیت بە مەرجی خاوەن باخەکە ...

جاکاتێك (ثابت) بۆ یەکەمجار خێزانەکـەی دەبینـێـت، شتێــکی تــەواو پێچەوانە ئەبینێت ئافــرەتێکی شۆخ و شەنگ وزیــرەك و ژیـر ئــەبـیـنـێــت ..... لە خێزانەکەی ئەپرسێت نهێنی ئەم مەسئەلەیە چیە؟

ئەویش ئەڵیت باوکم تەواو ڕاستی کردووە..... من ئافرەتێکی کەڕ و لاڵم لەئاست بیستن و ووتی شتی ناهەقدا، ئافرەتێکی کوێرم بەڵام کوێر لە ئاست بینینی هەرشتێك کە خوا حەرامی کردبیت سەیری بکەم. ئیفلیجیشم هــەرگیــز هەنگاو نانێم بۆ جێگایەك کە خوای گەورە پێی خۆش نەبێت.....

بەڵێ خۆشەویستان ( ثابت) بوو بە هاوسەری ئەم ئافرەتە خواناسە لە ئەنجامی ئەم هاوسەرگیریە بەرەکەتدارە خوای گەورە منالێکی پێ بەخشین کە ( أبو حنيفة النعماني کوری ثابت ) دەرچوو کە زانایەکی شارەزا و خواناسە و هەموو ئومەتی ئیسلام قەرزاری عیلم وزانست و زانیاری ئەو پیاوە بەرزەن، وەك ئیمامی شافیعی ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە وەصفیدا فەرموویەتی : ( الناس كلهم عيال على أبي حنيفة ) واتە : خەڵکی هەموو قەرزاری ئەبو حەنیفەن و پێویستیان پێەیتی ...

## چیرۆکی ئاوی شیرەکە

عومەری کوری خەتاب ( خوای لێ ڕازی بێت) لەیەکێك لەشەوەکاندا کە سەرگەرمی بەسەرکردنەوەی هاوڵاتیان و ڕەعیەتەکەی بوو بەنهێنی بۆئەوەی بزانێت چی لەناو شاری مەدینەدا ئەگوزەریت (وەك لێپرسراوەکانی ئەم ڕۆژگارە نەبوو کە لەناو کۆشك وتەلارەکانیان نایەنە دەرەوە و ئاگایان لەخەڵکی هەژار وداماوی ووڵاتیان نیە) بەڵێ عومەری کوری خەتاب کاتێك بەناو کۆڵانەکاندا ئەگەڕا گوێی لە ووتوێژی نێوان دایك و کچێك بوو، دایکەکە بە کچەکەی ئەووت : کچم ئاو بکەرە ناو ئەو شیرەوە با کەمیك زۆربێت وبەیانی بیبەین بیفرۆشین، کچەکەش بە دایکی ئەڵیت : دایە (أمير المؤمنين) بڕیاری داوە کە کەس ئاو نەکاتە ناو ئەو شیرەی کە دەیفرۆشێت، دایکەکەش بە کچکەی ئەڵیت : ڕۆڵە ئاوەکەی تێ بکە ( أمير المؤمنين ) لەکوێ ئاگای لێ یە بەم نیوە شەوە، کچەکەش بەدایکی ئەڵیت : ئاخـــر دایــە ئــەگــەر (أمير المؤمنين) ئاگای لی نیە خۆ خوای گـەورە ئـاگـای لێیە!!!

عومەری کوری خەتابیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە گوێی لەم ووتوو وێژە دەبیت، بڕیار ئەدات بۆ سبەینێ برواتە داوای ئەو کچە بۆ یەکێك لە کورەکانی، بۆیە ئەڵێت بە کورەکانی کێ لە ئێوە نیازی ژنهێنانی هەیە؟ عاصم کە یەکێك بوو لە کورەکانی عومەر، باوکی تێ ئەگەیەنێت کە ئەو نیازی هەیە، بەڵێ ( أمير المؤمنين ) ئەو کچە خواناسە ئەهێنیت بۆ (عاصم) ی کوری، لە بەرهەمی و سەرەنجامی ئەم هاوسەرگیریەش عاصم کچێکی ئەبێت، ئەو کچەش پاشان ( عومەری کوری عبد العزيز ) ی ئەبێت کە لەداگەری و خواناسیدا نازناوی ( خەلیفەی پێنجەمی ڕاشدین ) یان لێناوە ....

خوای گەورە هەمووومان وا لی بکات کە لە نهێنی و پەنهانی و ئاشکرایشدا لەخوای گەورە بترسین و پەروەردگار بە چاودێری خۆمان بزانین تاوەکو ئەگەر کاردەستین کەسێکی داگەر بین لەگەڵ ژێر دەستەکانماندا، وەئەگەر هاوڵاتیەکی ئاسایشین دڵسۆزی خودا و خەڵکی و کۆمەلگا بین ....

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم